# دەربارەی پێویستی دارشتنی مانیفێستی هاوبەشی بزووتنەوەی ژنانی ئێران

ناهید بەهمەنی

### دەقی وتاربێژیی لەکۆنفرانسی «بزووتنەوە دیمۆکراتیکەکان لەئێران، کۆسپەکانو تواناییەکان»
### ئیتاليا_ ۳۰ ژوئەن

ژنانی کورد لەکوردستانی ئێران، وێڕای هەوڵدان بۆ وەدیهێنانی خواستە کۆمەڵایەتیو لەهەموان گرینگتر لابردنی هەڵاواردنی میللی، بۆ بەدەستهێنانی مافی ژنان بەشێوەیکی شێلگیرانەو بەردەوام، تێکۆشاون.



تێکۆشەرانی بزووتنەوەی ژنان لەکوردستاندا، نەتەنیا کولتوورو رادەی پیاوسالاری، بەڵکو دەرەنجامەکانی ستەمی نەتەوەیيو هەڵاواردنی دوولایەنەش بەیەکێك لەهۆکارەکانی گرینگی دەسکردی چەوساندنەوە روو بەخۆیان دەزانن‌و سەبارەت بەمە، لەناوکۆمەڵگای خۆیان‌و لەپێوەرێکی سەرانسەری لەگەڵ پیاوسالاریو رەهەندەکانی ستەمی جنسيو دەرەنجامو کاریگەرییەکانی بێ مافی میللی، مشتو مڕیان کردووە.

بەرهەمی سی ساڵ تێکۆشانی سیاسی ئەمڕۆکە نیشان دەدات کە تێکۆشانێکی حەقخوازانە بۆ لابردنی ستەمی نەتەوەیی تا ئاستێکی زۆر بوارو هەلو مەرجی بۆ پێکهێنانی چالاکی فێمێنیستی لەکوردستاندا پێکهێناوە.

لەماوەی سێ دەیەی رابردووداو هاوکات لەگەڵ هێرشی قورس‌و ماڵوێرانکەری کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان، هێزی کۆمەڵایەتی ژنانی کورد نەتەنیا لەناو حیزبە سیاسییەکان‌و بەشێوەیەکی فۆرماڵی سیاسی، بەڵکوو زۆرترو لەکاپاسیتەی جەماوەرييو کۆمەڵایەتی لەچالاکییە گشتییەکان، ئەو شتەی کە لەدنیای سیاسەتدا بە »نافۆڕماڵ» ناوی لێ دەبردرێت، بەشدارییان کردووە.

ئەم دایکانە، ئەم خوشکانە، ئەم ژنە دلێرانەی رۆژە دژوارەکانی سەرکوت لەکوردستان، ئەو کچە سەربزێوو مرۆڤ دۆستانە، لەماوەی سێ دەیەی رابردوودا، ئەستێرەی گەشاوەی ترۆپکی تێکۆشانی رەوای جەماوەری کورد بوون‌و بە لەخۆبردووييو کۆڵنەدانێکی بێ وێنەو لەرۆژگارە رەشەکاندا کە هیچ دەنگێك کە لەبوارەکانی ژینۆسایدو کوشتاری خەڵکی ئەم وڵاتە سوتاوە بەر گوێ نەدەکەوت، ئەوان بوون کە بە رێکارو نوێکارییە شیرینەکانیان گۆڕەپانی خۆڕاگرییان لەکوردستان لەبەرامبەر دواکەوتوويیو سەرکوتی رژیمی ئیسلامی بەرفراوان کردەوەو هیوایان پێ بەخشی.

ئامادەبوونی ژنان‌و کچانی کورد لەگۆڕەپانی تێکۆشانی کۆمەڵایەتی دەیەکانی رابردوو، نەتەنیا بوو بەهۆکاری ئەوەیکە لەم رێگەوە چالاکییەکانی خۆیان لەئاڵقەی تایبەتی دادخوازی ژنان بەرینتر بکەن، بەڵکوو سیاسەتیان لەپێگەی تایبەتی پیاوانە هێنایە دەر. لەڕاستیدا ژنان لەماوەی سێ دەیەی رابردوودا، رۆڵێکی بەرچاویان لەتێکۆشان‌و چالاکییە جۆراوجۆرو کاریگەری سیاسییو کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردستاندا هەبووە.

لەگشت چالاکییەکانیان لەپشت بەرەکانی یارمەتی گەیاندن بە هێزی پێشمەرگە تا خۆڕاگریی بەکۆمەڵ لەبەرامبەر گوشارە گشتییەکان، لەبەشداری لەمانگرتن‌و نارەزایەتییە سیاسییەکان، تێپەڕکردنی ماوەیەکی درێژ لەزیندان‌و داسەپاندنی دەستگیریی بەکۆمەڵ بەتاوانی خزمو نزیکایەتی لەگەڵ هێزی پێشمەرگەو چالاکانی سیاسی پیاو و تاقەت هێنان‌و خۆڕاگریان لەبەرامبەر ئەشکەنجەی رۆحيو جسمی لەڕادەبەدەر، تاراوگەو ئاوارەبوونی چەندەها ساڵە، هێزێکی کاریگەر لەبەدواداچوون‌و بەشداری لەنارەزایەتی سێنفی کرێکارانی وەرزيو کورەخانەکانی کوردستانەوە، تا بەشداریان لەخۆڕاگری چەکدارانەو فەرماندەیی هێزی پێشمەرگە، هەر کامەیان بەشێوەیەك باوەڕ بەخۆبوونیان لەناو ئەم هێزە تازە بەمەیدان هاتووە بەهێزکردو لەم رێگەوە چ بە کارەسات‌و بێ بەشکردنە بەردەوامە کۆمەڵایەتییەکانی هەڵێنجراو لە هەلاَواردنە چەند لایەنەکان، دەست‌و پەنجەیان نەرم کردووە.

بەڵام وێرای ئەوەش بنەمای پێشکەوتنەکانی داهاتوویان دارێژراو لە خەبات بۆ گۆڕانکاریش، بەشدارییەکی زۆرتریان لەژنانی نەتەوەکانی دیکەی ئێران کردووە.

پرسی ئاماژە پێکردنی ئەوەیە کە ژنانی کورد وێرای گشت بێ ئاکامیو بێ بەشبوونەکانی سەرچاوەگرتوو لەسەرکوتی بەردەوام، هیچکات بەشێوەیەکی کەموزیاد، گرینگی مەسەلەی بزووتنەوەی سەرانسەری ژنانیان لەئاستی سەرانسەریدا لەبیر نەکردووەو بە ئامێزێکی کراوەوە، خوازیاری هاوکارییو بانگەوازی پشتیوانیان لەچالاکیی ژنانی بەشەکانی دیکەی ئێرانیش کردووە.

کاتێك کە لەزۆربەی ناوچەکانی دیکەی ئێران گوشاری پەنجەکانی دیکتاتۆری ئایینی تەنانەت پێش لەبەدەسەڵات گەیشتنی رەسمی کۆماری ئیسلامی لەسەر قورگی ژنان هەستی پێ دەکرا، بەپێچەوانە ژنانی کورد لەبەشێکی بەرینی کوردستان، دەورەیەکی خۆناسینەوەو باوەڕبەخۆبوونو چالاك بوون لەبواری سیاسەتیان تێپەڕاندبوو.

تەنیا داگیرکردنی تەواوی کوردستانو زاڵبوونی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لەسەر ئەم ناوچەیە، توانایی گۆڕینی ئەم پرۆسە بوو بەهۆکاری لاوازکردنی گشت رێگای باوەڕبەخۆبوونەوەی ژنان، هەرچەند ئەوەش هیچکات بەبێ خۆڕاگرییو بەربەرەکانێ نەبوو.

دامەزرادنی رێکخراوەکانی ژنان لە ناو دڵی رۆژەکانی شۆڕشی دژی پاشایەتی، نموونەگەلێکن کە تا ئەوکات لەکوردستاندا بێ وێنەبوون. ناردنی کاروانێك پێکهاتوو لەژنانو پیاوانی شۆڕشگێر لەلایەن رێکخراوەکانی ژنان لەشارەکانی کوردستان بە مەبەستی یارمەتی گەیاندن بە خەڵکی تورکمەن سەحرا کە لەیەکەم رۆژەکانی هاتنە سەر کاری رژیمی ئیسلامی هێرشی کرایە سەر، پەنا پێدان بە چالاکانی گەلانی دیکەی ئێران لەمانگو رۆژە رەشەکانی دەیەی ٦٠ی هەتاوی لەو ناوچانەی کە لەژێر چاودێری و کۆنترۆڵی رێکخراوە سیاسییە کوردییەکان لەکوردستاندا بوونو ئەمڕۆکە ئەندامییەتی ژمارەیەك لەچالاکانی ژنانی کورد لەکەمپەینی یەك میلیۆن ئیمزاو هەروەها داسەپاندنی دەستگیریی بەربڵاو و سزای قورس بۆ ئەوان بە تاوانی راگەیاندنی هاوکاری لەگەڵ ئەم کەمپەینە، خۆی بەڵگەی سەلمێنەری ئەم یەکیەتییە خەباتکارانە دێرینە بووە.

دواتریش ئەم چالێنجانە لە دامەزراوەو رێکخراوە نادەوڵەتییو هەروەها بە پێوەست بوون بە حیزبە سیاسییەکان درێژەی پەیدا کردووەو لەڕاستیدا مێژووی سیاسی کوردستانیان لەپاوانخوازی رەگەزی دەرهێناوە.

ئێستاکە بەشداری ژنانی کورد لەکاروباری کۆمەڵایەتی، سیاسی، فەرهەنگیو ئەدەبی زۆر بەفراوانتر لە رابردووەو ئەمڕۆکە ژنان لەکوردستاندا سەبارەت بە تێکۆشانەکانیانو سەبارەت بە بوونی شەڕێکی جیدی لەکوردستان لەبواری چالاکییە مەدەنییەکان، هێزێکی حاشاهەڵنەگرن. ژنی شاعیر، نووسەر، هونەرمەندو سیاسەتمەدار خوازیاری گۆڕانکارین.

جێی خۆیەتی هەر وەك پێشتر جەختم لەسەر کردووە باسی ئەوە بکرێت، پێداگری ژنان لەبەرگری لەداواکارییەکانی خۆیان، بووەتە هۆی ئەوەی کە مەسەلەی نەتەوەیی وەك خواستێکی گشتی، نەتوانێت پرسی تایبەتی چالاکی یەکسانیخوازانەی ژنان بخاتە پەراوێزەوە. بەکورتی ژنی کورد لە قەفەسی تەنگی سەرکوتو بەرتەسکییەکاندا، بەردەوام لەهەڵفڕیندا بووە.
ئەمڕۆکە بەدوای سێ دەیە چالاکی سیاسی، دەتوانین دان بە بوونی بزووتنەوەیەکی خاوەن ئەزمونی ژنانی کورد دابنێین. بزووتنەوەیەك کە ئاشنایە بە پێناسەی خۆی، زانیارییو زانستی هاوبەش بەمانای هاودڵیو هاوبیری بەکۆمەڵ بوون بە باوەڕگەڵێك کە بزوێنەرو توانای پێویستیان بۆ بەرگری لەمافی خۆیان پێ بەخشێوە.

یەکسانیو لابردنی هەڵاواردنی رەگەزی، تەوەری تێکۆشانو چالاکییەکانیانو لەم رێگایەدا چالاکییەکانیان بۆ وەدیهێنانی خواستەکانی دیکەی کۆمەڵایەتی گشتیش وەگەڕ خستووە.

مۆدێلی کۆمەڵایەتیو ئاسۆگەی گەیشتن بە ئاسۆی ئامانجەکانی، تاڕادەیەکی زۆر رووناکە. بوونی ئەم تایبەتمەندییانە وێرای بەردەوامبوونی جوڵەو نوێکارییەکان لە بەرگری بەرامبەر بە سەرکوتی دارێژراو، تایبەتمەندی »بزووتنەوەیەکی راستەقینە»ی پێ بەخشیوە.
بەڵێ دەزانین ئەمڕۆکە زیاتر لەهەر کاتێکی دیکە گوتاری یەکسانی ماف، یەکسانی رەگەزی، چالاکی مەدەنیو هەستی یەکگرتوویيو هاوکاریش لەبزووتنەوەی ژنانو لەچالاکییە گشتییەکان، هەمەلایەنە بۆتەوە. بە بڕوای ئێمە ئەم بەستێنە کە بە نرخی ساڵانێك تێکۆشانی بەردەوامو لەخۆبردوویی گشت ئازادیخوازەکان بە دەست هاتووە، لەزۆر بوارەکانو بۆ وێنە لەبواری بەرەوپێشبردنی خواستەکانی بزووتنەوەی ژنان دەبێت باشترو زۆرتر کەڵکیان لێ وەربگیردرێت.

هەوڵدانێکی جیدی تر بە مەبەستی کۆکردنەوەو روونککردنەوەی داواکارییەکانمان بکەینە سەرەکیترینی کارەکانمان. کەڵك لەوزەو هێزی جیلی نوێی تازە بە مەیدان هاتوو، وێرای ئەزموونو زانستی جیلی کۆن وەربگیرێتو هاوسەنگییەکی گونجاو لەنزیککردنەوەی ئەم دوو جیلە لەیەکتر پێکبێنین.

چالاکانی بزووتنەوەی ژنانی ئێرانو رووناکبیرانی ئەم دەڤەرە لەچالاکی کۆمەڵایەتی جێگای خۆیەتیو زۆر پێویستە کە

بەمەبەستی پێشبردنی چالاکی گەلێك لەپێناوی وەدیهێنانی خواستەکانی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی ژنانی ئێران، پێکهێنانی یەکگرتوویی‌و هاوکاری زۆرتر لەگەڵ ژنانی چالاکی میللەتەکانی دیکەی ئێران‌و بۆ نموونە ژنانی کورد کە خاوەنی پێشینەیەکی چالاکی کۆمەڵایەتی‌و سیاسی درێژماوەترن، زۆرتر هەنگاوی بۆ هەڵگیرێت. ئەمڕۆکە راستی جیایی ئایین لەدەوڵەت، بووە بە خۆاستێکی گشتی لەکۆمەڵگای ئێران‌و کاریگەریی بێ ئەملاوئەولای ئەم خواستە، لەسەر هەلومەرجی کۆمەڵایەتی‌و ژیانی تایبەتی ژنان، زیاتر لەجاران بۆ هەمووان ئاشکرایە.

مشت‌و مڕ لەسەر ئەم مەسەلەیە لەکاتی شۆڕشی مەشروتییەت بەملاوە تائێستا لەگەڵ مافی ژن‌و دەرەنجامەکانی پێکهاتوو لەم بابەتە گرێ دراوە. نەهێڵین جارێکی دیکە لەڕێگای هەر گۆڕانکارێیەکی سیاسی لەداهاتووی ئێراندا، ببین بە قوربانیانی لەبەرچاوگرتنی »سەرەکیترینەکانی»، ئەو شتەی کە سی ساڵ لەمەوپێش بەسەرمان هات.

بە فورموڵەکردنی کۆکراوەیەك لەداواکارییەکانی ژنان لەسەر بنەمای شکڵە جۆراوجۆرەکانی هەڵاواردنی رەگەزی لەناوچە جیاوازەکاندا، بزووتنەوەی ژنانی ئێران بە فرە دەنگی‌و فرە رەنگی، گشتی تر و دێمۆکراتیزەتر بکەین.

ناتوانین تەنیا بە ئاماژەکردن بە خواستەکانی ژنان لە تاراندا باسی ئەوە بکەین کە هەڵوێستی ژنان لەڕاوکردەوەدا، هەڵگری وڵامێك بۆ هەموان دەبێت.

هەربۆیە بە بڕوای ئێمە جێگای خۆیەتی بە دارشتنی گەڵاڵەی پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتووی ژنان لەچوارچێوەی خواستەکان‌و ئاسۆگەکانی بزووتنەوەی ژنانی ئێران لەدەرەوەی وڵات‌و هەڵبەت بە هاوکاری فیکری چالاکانی ناوخۆی وڵات، بارودۆخ بۆ بەهێزترکردنی ئەم بزووتنەوە، لەبواری فیکری‌و رێکخراوەیی زۆرتر پێکبێنین.
روانگەو نوێکارییەکانمان بەیەکەوە بەش بکەین، ئەم بەرەیە دەتوانێت لەگەیاندنی دەنگی بزووتنەوەی ژنانی ئێران بە گۆیی کۆڕو کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان، لەڕێك‌و پێککردنی پەیوەندییەکانمان لەگەڵ ژنانی ناوخۆ، لەبەهێزترکردنی یەکگرتوویمان بەشێوەیەکی گشتی کاریگەر بێت‌و ناوەندێکی جێگای متمانە بۆ بیرو رای گشتی بێت.

لەداهاتووی هەر گۆڕانکارییەکیشدا بتوانین وەك رێکخراوێکی کارلێهاتوو لەهەیبەتی پارێزەریی بەرژەوەندی‌و هەل‌و مەرجی هێزی کۆمەڵایەتی ژنان ئامادە بێت‌و بە کەڵك وەرگرتن لەمکانیزمگەلێکی ئەوتۆو بەرکارهێنانی سیاسەتێکی گونجاو، رێگا بۆ پێگەو هەلومەرجی کۆمەڵایەتی‌و دەوڵەتی گونجاو بۆ ژنان لە ئەگەری هەر رووداني هەر گۆڕانکارێیەك لەئێراندا بخوڵقێنێت.

ژنانی کورد لە تاراوگە ماوەیەکە بە مەبەستی شکڵ پێدانی ئەم بەرەیەو رونکردنەوەی لایەنە پۆزێتیڤەکانی، لەسەر ئەنجامدانی ئەم کارە لەگەڵ ژمارەیەك لەچالاکانی بزووتنەوەی ژنان لەدەرەوەی ئێران دیالۆگیان کردووە.
سەرەنجام وێڕای یەك‌و بە یارمەتیدانی یەکتر، گەڵاڵەو «مانیفێست»ی بزووتنەوەی ژنانی ئێران بە کۆمەڵگای ئازادیخوازو چالاکانی رێگەی بەربەرەکانێ لەگەڵ زۆرەملیی‌و هەڵاواردنی جنسی لەئێراندا  پێشکەش بکەین.
ئێمە لەهەنووکەوە تا داهاتووی پێکهێنانی گۆڕانکاری لەئێراندا پێویستیمان بەم مانیفێستە هەیە. تۆماری ئەم بەڵگەیە وێڕای چالاکی بەکردەوەمان، بەرگری لەئێمەو بزووتنەوەکەمان لەبەرامبەر لەپەراوێزخستنی مەسەلەکانی دیکەی کۆمەڵایەتی‌و سیاسی لەداهاتووی گۆڕانکارییەکانی ئێران تاڕادەیەکی زۆر دەکات.

تێکۆشانی ئێمە وەك ژنانی کورد تەنیا بۆ دەستەبەرکردنی مافی میللی‌و فێمێنیستی لەچوارچێوەی ناوچەکەماندا نییە، بەڵکو لەسەر ئەم باوەڕەین کە بەدەستهێنانی داواکارییەکانی میللەتەکان بەبێ گەیشتن بەخواستەکانی بزووتنەوەی ژنان، کرێکاران، خوێندکاران‌و سەرجەم چین‌و توێژەکانی کۆمەڵگاو بەبێ لەبەرچاوگرتنی لایەنەکانی دێمۆکراسی لەئێراندا ئەگەر بەدیش نەکرێ، بێ شك بەرتەسك‌و ناسەقامگیر دەبێت.

بۆ دارشتنی ئەم مانیفێستە دەبێت جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ لەپێوەند بە کەمکردنەوەی هەڵاواردنی جنسی‌و پێکهێنانی هەلومەرجی ئینسانیترلەژیانی ژنان، بنەمای گۆڕانکارییەکان دابنێین.

رووبارە بچوکەکانی تێکۆشانمان لەم رێگایەوەو لەڕێگە جۆراوجۆرەکانی چالاکی مەدەنی بکەین بە دەریایەکی مەزن بۆ ئازادی‌و رزگاری. لەم رێگایەشدا دیسان ژنانی کورد، خوازیاری هاوکاری‌و یارمەتیدانن.

ئێستاکە ئێمە لەدامەزرادنی »رێکخراوی مافی ژنی کورد، مافی مرۆڤ» سەرقاڵی تۆمارکردنی داواکارییەکانی ژنانی کورد لەکوردستانی ئێرانین. ئەزموونی لانیکەم سی دەیەی رابردوو بەیەکەوە بەش دەکەین‌و بەم ئەزموونانە لەپێناوی پێکهێنانی پەیوەندییەکی دۆستانەو تێکۆشان بەکار دێنین. ئاواش دەنگمان باشترو زوڵاڵتر بەگوێ هەموو کەس دەگات.

گۆڕەپانی پڕبڕشتی بزووتنەوەی ژنان، پەرەسەندنی چالاکییەکانی خەڵکی ئێران لەناوخۆداو  دەیان فاکتۆری دیکەی سیاسیی کۆمەڵایەتی، ماوەیکی زۆر پێداویستی وەها هەنگاوگەلێکی گشتی‌و مەدەنی لەچالاکانی سیاسی داوا دەکات.